# ناوتان‌ڕێبازتان هەردەم زیندووە

ڕێژیمی دژی گەلی و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران،هەر لە سەرەتای دەست بەسەر داگرتنی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران، ڕۆژ نەبوو کە پەلاماری چەند گوند یان شار و ناوچەیەکی کوردستان نەدەن و خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان قەتڵ و عام نەکەن و ڕەز و باغ و سەروەت و سامان و ماڵ و حاڵیان لێ نەسووتێنن و ناوچەکانیان بۆمب باران و تۆپ و خومپارەباران دەکرد.

هەر بۆیە و بۆ ئەم مەبەستە و بەرپەرچ دانەوەی پەلاماری هێزە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران ،لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،بڕیار درا بوو کە دەبێ بە هێزی هاوبەشی پێشمەرگەی حیزب لە چەندین شوێن و ناوچە جیا،جیاکانی کوردستان دا عەمەلیاتی هاوبەش،لە دژی داگیرکەرانی کوردستان ،بەڕێوە بچێت و زەبری کاریگەر و گورچک بڕ لە پەیکەری هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی جەهل و نەزانی،ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەن.حەتا ئەگەر بکرێت بۆ ماوەیەکی کاتیش دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن.

لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەئموورییەت بە هەر دوو کومیتەی شارستانی ورمێ و شنۆ درا کە بە هاوبەشی هێزی پێشمەرگەی هێزەکانی شەهید نحۆ و شەهید سمکۆ عەمەلیاتێک بە دژی داگیرکەران لە نێو شاری ورمێ ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەڕێوە بەرن ودەبێ بە هەر شێوەیەک بێت نفوز بکەنە ناو شار و لە ناو شار دا جێگیر بن.

بۆ ئەم مەبەستە و بەڕێوەبردنی ئەم مەئمورییەتە ، پاش چەندین دانیشتن و کۆبونەوە، یەک لە دوای یەکەکانی بەرپرسانی هەر دوو کومیتە و هێز،بەو ئاکامە گەیشتن کە بۆ بە جێ گەیاندنی ئەم ئەرکە دەبێ دەست بە کار بن و لە هەر لک یان دەستەیەک ژومارەیەک پێشمەرگەی ئازا و قارەمان دەست نیشان کران و پێشمەرگەکانیش بە دڵێکی زۆر شۆڕشگێڕانە و بە ئیمان بە ڕێبازەکەیان خۆیان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە ئامادە دەکرد.

یەکەم مانگی پائیزی ساڵی١٣٥٩ی هەتاوی یە، پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەریکی خۆ سازکردنن و ماڵئاوایی یەکجاری لە بنەماڵەکانیان و هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان دەکەن و کۆڵەوپشتی یەکانیان پڕ دەکەن لە فیشەک و گوللەی زیادی و نان و پێخۆر، و بەرەو ورمێ وەڕێ دەکەون و لە شاری ورمێ کە بە تەواوی میلیتاریزە کرابوو ،خۆیان نزیک دەکەنەوە.

پێشمەرگە ئازا و نەبەزەکانی هێزی شەهید سمکۆ و شەهید نحۆ لە بناری چیای سیر کە هەڵکەوتووە لە نزیک شاری ورمێ و بە تەواوی ناو شاری ورمێ لێوە دیارە ، لە دەوری یەک کۆبوونەوە و لەگەڵ یەک خەریکی چاک و چۆنین و فەرماندەرانی سیاسی و نیزامیش خەریکی کۆبوونەوەن و لایەنەکانی ئەم عەمەلیاتە لێک دەدەنەوە.

پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەی بەرپرسان بڕیار درا کە باسێکی ورد بۆ پێشمەرگەکان بکرێت و لە چۆنییەتی ئەم عەمەلیاتەوە باسیان بۆ بکرێت.بۆ ئەم مەبەستەش لە لەیەن فەرماندەرانی

ئەو کاتی هێزەکانی شەهید نحۆ و شەهید سمکۆ،بەڕێزان شەهیدی هەردەم زیندوو شەهید سەروان حاتەم فەرماندەری هێزی شەهید نحۆ ، و بەڕیز کاک چەکۆ رەحیمی فەرماندەری هێزی شەهید سمکۆ، مەئمورییەت درا بە بڕێز کاک ئەحمەد عەزیزی یەکێک لە فەرماندەرانی هێزی سمکۆ کە بە وردی باس لە هەموو شتەکان بکات و پاش ئەوەی بەڕێز کاک ئەحمەد عەزیزی باسەکەی تەواو کرد و دەستیان کرد بە دابەش کردن و تێکە ڵاڵ کردنی پێشمەرگەکان.هەر وەها بڕیاریش وابوو کە بەڕێزان سەننار مامەدی و موهەندیس جەهانگیر بە لای شاپورەوە ئەوانیش بە هێزێکی زۆرەوە نفووز بکەنە نێو شاری ورمێ،کە بە داخەوە ئەوان نەهاتن.

بابزانین یەکێک لە بەشدار بوانی ئەم عەمەلیاتە چۆن باسی لێوە دەکات

زیاتر لە ٣٠٠ پێشمەرگە بۆ ئەم عەمەلیاتە ئامادە کرا بوون و بە ٤چوار دەستە دابەش کران و بە هۆی ئەوە کە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید نحۆ شارەزای نێو شاری ورمێ بوون، پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ هەر دەستە و لەگەڵ دەستەیەکی هێزی شەهید نحۆ تێکەڵاڵ کران و شارەزاکان بریتی بوون لە سەروان حاتەم فەرماندەری هێز،یوسف ئەمینی فەرماندەری لک لە هێزی نحۆ،خورشید پولادی فەرماندەری لک ، محەممەد کڵاو ڕەش فەرماندەری لک، سەلیم حەقیقی فەرماندەری لک، کە بەداخەوە هەر هەموویان لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا گیانیان بەختی ئازادی کردووە، بەرەو نێو شاری ورمێ واتە لە ڕۆژی١٨.٧.١٣٥٩بە شێوەیەکی زۆر پارتیزانی لە شار نزیک بوونەوە.هەر ئەم شەوە هەر چەند دوژمنی دژی گەلی بە تەواوی تەواوی دەورووبەری شاریان تەنیبوو، بەڵام دیسان تیکۆشەرانی دێموکرات ، پێشمەرگە ئازاکانی دێموکرات هەر چەند کە لە چەندین شوێن دەکەونە کەمینی دوژمن ، بەڵام هەر نفوز دەکەنە نێوشار و چەندین شەقام و کۆڵان لە نێو شار دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

باس لە فیداکاری یەک، لە داستانێک، لە حەماسەیەک دەکرێ، کە چۆن پێشمەرگە بەوەج و قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هێزەکانی شەهید نحۆ و شەهید سمکۆ لە نێو شاری ورمێ دەکرێ، کە شەقامەکانی ئینقلاب، ئاپادانا، رادیۆ و تەلەفزیۆن و....... لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە دابوون.

لە بەرە بەر ی بەیانی ڕا شەڕێکی سەخت و خوێناوی لە نێوان پارێزەرانی دێموکراسی و ئازادی و دوژمنانی ئازادی و سەربەستی ،لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ کرد.شەڕ هەر دەهات و گەرم تر دەبوو، هەر لە یەکەم کاتەکانی شەڕەکە دا بە دەیان کەس لە ئەفرادی بەکرێگیراوی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون جەندەکی پیسیان لە نزیک سەنگەری پێشمەرگەکانی دێموکرات کەوتبوونەسەر زەوی.

هەر بۆیە هیچ پێنووسێک و لێنووسێک ئەم زاتەیان نیە کە بتوان هەڵگری ئەم هەموو لەخۆبردوویی،گیان فیدایی،بوێری و ئازایەتی و شۆڕشگێڕی وپێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران بن، که له نێو جه‌رگه‌ی دوژمندا و له نێو شاری ورمێ، زه‌بریان له هێزه بکرێگیراوه‌کانی ڕێژیمی کۆنه‌په‌رستی ئاخوندی ده‌دا. و هات و هاواریان وه دوژمن خستبوو، و به‌رگریان له نیشتمانه‌که‌یان ده‌کرد.
ڕۆڵ و فیداکاری ئه‌م تێکۆشه‌رانه‌ی دێموکرات که له مێژوو دا که‌م وێنه بووه،له بیر ناکرێت،هه‌ر هه‌موو به‌شدار بوانی ئه‌م داستانه هه‌ر یه‌که‌و حه‌ماسه خوڵقێنێک بوون و هه‌ر وه‌ها پێویسته ئیشاره به ڕۆڵ و و فیداکاری و که‌م وێنه‌ی شه‌هید سه‌لیم حه‌قیقی که له‌م شه‌ڕه‌دا له‌گه‌ڵ دوو جگه‌ر گۆشه‌ی به ناوه‌کانی خه‌لیل حه‌قیقی و سادق حه‌قیقی و هه‌روه‌ها شه‌هیدانی هه‌رده‌م زیندوو و له بیر نه‌کراو ، شه‌هیدان یوسف ئه‌مینی که هه‌ر له‌م شه‌ره دا به توندی بریندار ده‌بێ و به‌داخه‌وه چاوێکی له ده‌ست ده‌دا،محه‌ممه‌د کڵاو ڕه‌ش،که‌ریم قازی،سه‌ید عه‌لی سه‌رسپی ،محه‌ممه‌د پیرۆت، قاسم خاتونباغی،حاجی محه‌ممه‌د ئه‌سکه‌نده‌ری فه‌رمانده‌ری هێزی به‌رگری که ئه‌ویش به داخه‌وه هه‌ر له‌م شه‌ڕه دا به سه‌ختی بریندار ده‌بێ و ده‌ستێکی له کار ده‌که‌وێت به داخه‌وه ساڵی ١٣٨٠ ماڵئاوایی له حیزب و گه‌ل کرد. ،هه‌روه‌ها پێویسته ئیشاره به ڕۆڵی قاره‌مانانه‌ی چه‌ند تێکۆشه‌رێکی دیکه‌ی دێموکرات بکرێ که به هۆی ئه‌وه‌ی له نێو خۆی وڵات ده‌ژین له هێنانی ناوی ئه‌سڵیان خۆ ده‌پارێزین و به "بارام " و"زولفه‌قار " و " حاجی "ناویان دێنین که جێگای ڕێزن.
با بزانین به‌شداربوویه‌کی دیکه چۆن باس له‌م شه‌ڕه‌دا ده‌کات

پاش چه‌ندین سه‌عات شه‌ڕ و به‌ربه‌ره‌کانی سه‌خت و خوێناوی و حه‌ماسه خوڵقاندن و گرتنی چه‌ندین شه‌قام له نێو شاری ورمێ، که به پێی هه‌واڵی ورد و ده‌قیق زیاتر له نۆسه‌د که‌س له ئه‌فرادی به کرێگیراوی ڕێژیم کوژران و به سه‌دان که‌سیش بریندار بوون، هه‌زاران حه‌یف و مخابن، له‌م شه‌ڕه‌دا به‌داخێکی یه‌کجار زۆره‌وه چل و هه‌شت پێشمه‌رگه ی قاره‌مان، چل و هه‌شت قاره‌مانی مه‌یدانی خه‌بات و تێکۆشان، چل و هه‌شت گوڵاڵه سوره‌ی چیا سه‌ربه‌رزه‌کانی ئاگری و کێله‌شین،و دالانپه‌ڕ و ڕه‌ندۆڵه،چل و هه‌شت ڕۆڵه‌ی به ئه‌مه‌گ و به وه‌فا و قاره‌مانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شه‌هید بوون و تێکه‌ڵ به کاروانی له پسان نه‌هاتووی شه‌هیدانی سور خه‌ڵاتی حیزب و گه‌ل بوون.
جێگای ئاماژه‌یه که له‌م شه‌ڕه دا ئه‌م پێشمه‌رگه گیان له‌سه‌ر ده‌سته‌کانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا دوا هه‌ناسه‌ی ژیان و دوا دڵۆپی خوێن به گژ داگیرکه‌ران دا چوونه‌وه.
له‌م شه‌ڕه دا پاش ئه‌وه‌ی پێشمه‌رگه نه‌بەز و کۆڵنه‌ده‌ره‌کان فیشه‌کیان لێ ته‌واو ده‌بێ ،به داخه‌وه چه‌ند پێشمه‌رگه‌یه‌ک ده‌ستگیر ده‌کرێن،به‌لام کۆنه‌په‌رستانی داخ له ده‌ڵ و کورد کوژ هه‌ر هه‌موویان گولله‌باران ده‌که‌ن و به‌م جۆره ئه‌وانیش ده‌چنه ڕیزی شه‌هیدانی سورخه‌ڵاتی حیزب و گه‌ل.
سه‌رجه‌م شه‌هیده سه‌ربه‌رزه‌کانی ئه‌م شه‌ڕه بریتین له:

بەداخەوە کاک سەلیم حەقیقی لەڕۆژی۱۳۵۹.۷.۱۹ی هەتاوی لە دوو جگەرگۆشەی، دوو کوڕی بە ئەمەگ و بەوەفای بە ناوەکانی کاک خەلیل حەقیقی و کاک سادق حەقیقی و ژومارەیەکی دیکە لە هاوسەنگەرانی لە شەڕی حەماسی و کەم وێنەی نێو شاری ورمێ شەهید بوو.




شەهید ئیبراهیم مەکاریان ناسراو بە برایمی حەمەرەسوڵ دانیشتوی شاری شنۆ ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید سەلیم حەقیقی دانیشتوی ئاوایی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ، فەرماندەری لک لە هێزی شەهید نحۆ




شەهید خانەمیر ئەحمەدی دانیشتووی گوندی گەڵاز لە ناوچەی شنۆ ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید خەلیل حەقیقی ،دانیشتوی ئاوایی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،کادری ناوچەی مەرگەوەر




شەهید عەبدولسەلام زاهیدی دانیشتوی




شەهید سادق حەقیقی دانیشتوی ئاوایی

گوندی هۆلستانە لە ناوچەی ماەرگەوەری ورمێ ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ

گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید مارف ئاب دانیشتوی شاری شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید عومەر پێرۆتی ناسراو بە عومەر جاشێرانی ،دانیشتووی جاشیران لە ناوچەی شنۆ ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید رەحمان تەهاپور دانیشتوی ئاوایی سۆفیان لە ناوچەی شنۆ ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید ئەبوبەکر ڕۆستەمی ناسراو بە سۆفی ئەبوبەکر دانیشتوی ئاوایی گوندەوێڵە لە ناوچەی شنۆ، سەرپەل لە هێزی شەهید سمکۆ




شەهید مەولود ڕەسوڵی ،ناسراو بە مەولود قەننەزەرد، دانیشتوی ئاوایی قروشاوێ لە ناوچەی شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمكۆ




شەهید ئیبراهیم سەمەدی پێشمەرگەی هێزی شەهید سمكۆ ،دانیشتووی گوندی تاژاندەرێ لە ناوچەی شنۆ




شەهید رەحیم مورتەزەوی، دانیشتوی شاری شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمكۆ




شەهید محێدین پشتەك ناسراو بە محێدین شوانە،دانیشتوی شاری شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمكۆ




شەهید ئادەم بەشیری دانیشتوی ئاوایی ئەورسی لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ



شەهید عەبدوڵا بەنگینی

شەهید عەبدوڵا بەنگینی خەڵکی ناوچەی نەغەدە،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید عەباس عارفی دانیشتوی ناوچەی شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید ئیسماعیل ئەحمەدپور دانیشتوی ئاوایی قروشاوێ،لە ناوچەی شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ



شەهید حەمید میرزایی

شەهید حەمید میرزایی دانیشتوی ئاوایی گێسیان،لەناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید حاتەم ئەبوبەکری،دانیشتوی فلکان لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید کامیل جیهانگیری دانیشتوی ئەنبێ،لە ناوچەی ورمێ،پێشمەرگەی




شەهید عەبدوڵا حەسەنزادە،دانیشتوی گوندی قروشاوێ،لەناوچەی

هێزی شەهید نحۆ




شەهید محێدین کۆخە،ناسراو بە محێدین گەرمێنی،دانیشتوی شاری شنۆ ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ

شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید مەحمود رەمەزان نژاد،دانیشتوی گوندی گێسیان ، لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید محەممەد سەلیم هەرکی،دانیشتوی زێوە،خەڵکی کوردستانی باشور،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید حەمەرەحیم مەحمودی ،دانیشتوی گوندی هێ یە، سەربە ناوچەی شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید مەجید محەممەدیان ،دانیشتوی ئاوایی زێوە،لە ناوچەی دۆڵ،سەربە شاری شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ



شەهید رەحیم حەسەن زادە

شەهید رەحیم حەسەنزادە،دانیشتوی قروشاوێ،لەناوچەی شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ



شەهید محەممەدتاهیر ئەسەدی

شەهید محەممەدتاهیر ئەسەدی،دانیشتوی دزەی سیاوەش،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید مستەفا عەلیزادە،دانیشتوی شاری شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید رەحیم میرزایی خەڵکی ناوچەی شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ




شەهید تاهیر نەبی پور،دانیشتوی خانلەر،لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ



شەهید تەمەر حەسەنزادە،دانیشتوی تەرزیلوو،لە ناوچەی ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید محەممەد حەقی،دانێشتوی ئاوایی لۆرزنی،لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید رەمەزان ئیراندوست،دانیشتوی ئاوایی شەملەکان،لەناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید رەحیم قادرپور،ناسراو بە رەحیم نەخشین و رەحیم بازووکە،دانیشتوی ئاوایی سەردەرێ،لە ناوچەی شنۆ،پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ

## شەهید رەحمان سحەت

شەهید رەحمان سحەت دانیشتوی ئاوایی گێسیان ،لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی نحۆ




شەهید میرزا محەممەد کەنعانی دانیشتوی، تەرزیلوو،لەناوچەی ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ

## شەهید سولەیمان پوشەندە

شەهید سولەیمان پوشەندە، دانیشتوی گوندی هاشم ئاوا ، لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی




شەهید کەریم میرزایی ،دانیشتوی گوندی میراوێ، سەربە ناوچەی شنۆ ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ

شەهید نحۆ




شەهید محەمەدئەمین تاهیری ، دانیشتوی ئاوایی ڕاژان،لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید رەمەزان تاهیرزادە،دانیشتوی ئاوایی دەزگر،لە ناوچەی مەرگەوەری



شەهید سەلیم ئەشرەفی

شەهید سەلیم ئەشرەفی ، دانیشتوی ئاوایی وەلەند لە ناوچەی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید موسا شەعبانی،دانیشتوی ئاوایی گێسیان، لە ناوچەی مەرگەوەری

ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید خالید خەلیلی ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ،دانیشتوی ئاوایی لۆرزنی لە ناوچەی ورمێ

ورمێ،پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید سالح بیجۆ،دانیشتوی گوندی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ




شەهید رەسوڵ مەیدان مەسکەن،دانیشتوی ئاوایی گریک لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەم پۆلە شەهیدانە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان

هەزاران سڵاو لە ڕێبازەکەتان،لە حیزبەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران

پڕ ڕێبوار بێ ڕێبازەکەتان و ئامانجەکانتان

مردن و نەمان بۆ دوژمنانی ئازادی و سەربەستی،واتە ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران

لە نوسین و ئامادە کردنی ئیبراهیم ڕۆستەم نژاد بەرپرس و بەڕێوەبەری ماڵپەڕی خاکەلێوە

سەرچاوە بیرەوەری یەکانی خۆم و هەروەها ئارشیوی ماڵپەڕی خاکەلێوە

www.khakelewe.com